www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:37

# شنەی با

سیروان ڕەحیم

شنەی با، دوا بەرهەمی هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریمە. سێدییەکە چەندین گۆرانی ڕەنگین و تەڕوپاراوی لە ئامێز گرتووە.
هەمیشەو لەسەرەتای دەسبەکارکردن و دەرکەوتنی عەدنانەوە گۆرانیەکانی بۆ من سەرەنجراکێش بوونە. جۆرێکی جیاوازی چرین و لاواندنەوەی تاسەوحەز بووە. دیارە دەبێ بلێم کە لە چاو گۆرانبێژانی دیکەدا عەدنان خاوەنی ئەو ژمارە زۆرەی گۆێگران نیە. بەردەوام ژمارەیکی کەم ، بەلام خاوەن چێژێکی هونەری بالا گوهداری بەرهەمی عەدنانینان کردووە، هەمیشە لە لای ئەوان هونەری عەدنان لەبەردلان بووە، دیارە ئەمەیش هۆکاری خۆی هەس:
عەدنان بۆ خۆی موزیسیەنە. بێگومان کەس لاری لەوەنیە کە موزیکزانین هێزێکی تایبەت بە گۆرانیبێژ دەبەخشیّ. و بەشێک لە وزەی جوانی لە بەرهەمی عەدناندا لێرەوە سەرچاوە دەگریّ. ئەم لایەنی موزیکزانیە زۆر دەستی بە بالی کارەکانی عەدنانەوە گرتووە.
ڕەنگبیّ هەر ئەمەیش بێت، یان هەر ئەم لایەنەیش بێت کە هۆکارێکە لە هۆکارگەلی سەرەکی کە عەدنان ئەو هەموو شیعرە جوانە هەلدەبژێریّ. کە یەکێک لە توخمە سەرەکیەکانی پێکهاتەی شیعر موزیک بێت، ئیتر بۆ ئەو لەم بوارەدا نەزانیّ کامە شیعر دەشیّ ئاوێتەی ئاواز و هەوای دلگیر بکرێت؟
ئێمە لەزۆر کەسمان بیستووە، لە زۆرگۆرانیبێژ کە باسیان لە نەبوونی شیعری جوان و لەباری کوردی کردووە بۆ گۆرانی. بەلام کە ئەوان چاودێری بەرهەمی عەدنان بکەن دەزانن ئێمە ئەگەر لە هەموو شتەکانی تردا دەست ڤالا و پێپەتی بین، ئەوا لە شیعری جواندا شتمان هەیە و خاوەنی مێرگی فراوانی بە شیعر تەڕ و پاراوین.
من زۆر جار هەست بەوە دەکەم کە ناشارەزایی و نا ئاشنا بوون بە شیعری کوردی وای کردووە کە زۆرێک لە گۆرانیبێژانی ئێمە نەزانن چ شیعرێک بە گۆرانی بکەن. یان هەندێک جار بە بیانووی (لەگەل ئاوازدا نەگونجان) ئەوەندە دەقی شیعر هیلاک و شپرزە دەکەن، کە ئیتر تۆی گوێگر لەبری چێژ وەرگرتن، ئازار دەچێژیت. دیارە هۆکارەکە زێدەتر پەیوەندی بە ناشارەزایی و نەزانینی موزیکەوە هەیە نەک نەگونجانی دەقی شیعر.

www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:37

بۆیە لێرەوە دەستخۆشی لە عەدنانی هونەرمەند دەکەم و دەزانم کە هەستی نازگ و هونەرمەندانە هاندەری هەلبژاردنی ئەو شیعرانەن.

عەدنان بە هەلبژاردن و بەگۆرانیکردنی شیعری کلاسیکی و بە ئاوێتەکردنی لەگەل موزیکی نوێ و نوژەندا، ئاوێتەیەکی ڕەنگین دەخەملێنێ. ئاوێتەیەک کە هاوکات وشەی قولاییەکانی هەستی دلداران، موزیکی پڕشنە و دەنگی گونجاو، تاڤگەیەک نۆتەی ڕەنگین دەڕژێننە دل و دەروونمانەوە.

زۆریش پێویستە شانبەشانی هەولی عەدنان ئاماژە بەهەولی ئەو هونەرمەندگەلە بدرێت کە موزیکی کارەکانی وی دادەڕێژن. بێگومان ئەو هونەرمەندانە لە خەملاندنی تانوپۆی کارەکانیدا ڕۆلی کاریگەرو بەرچاویان هەس. ئێمە لە هەلسەنگاندنی کاری گۆرانیبێژاندا دەبێ هەمیشە ئەم لایەنەمان لەبیر بێت. دەبێ بزانین کە گۆرانیبێژان هەمیشە لە باخچەی پڕ لە نۆتەی ئالووالای موزیسیەناندا دەسترێن. بەلام بۆیە لە کن عەدنان و لەکارەکانیدا جوانتر ئەم لەهەڤکردنی موزیک و دەنگە دیارە، چونکە عەدنان بۆ خۆی لە موزیک تێدەگات و وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد موزیسیەنە.

هۆگری عەدنان لەتەک شیعری کوردی و خوێندنەوەی بەردەوامی بۆی، هاوشانی هەبووی شارەزایی موزیک، بوارێکیان بۆ دەستەبەرکردووە کە لەکن هەمووان ئەو بوارە نایەتە بینین. ئەمانە بەسەریەکەوە بوونە بە هەناوی بەرهەمهێنانی هەموو ئەو سترانە دلگیرانە.

دیارە کارکردن و ئەڤینی بەردەوامە کە وایان کردووە عەدنان جۆرە کاراکتەرێکی نوێ، جۆرێک لە سیمای جیاواز بهێنێتە ناو جیهانی گۆرانی کوردیمانەوە.